# دەستوری کوردستان: پارلەمان و کێشەچارەنوسسازەکان

**شاخەوان شۆڕش**
26.05.2007

**لەڕەشنووسی دەستوری کوردستاندا لە دەروازەی سێیەم، ئەرتیلەکانی 79 دا هاتووە. پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی یاسادانانە لە هەرێمداو ژێدەری (مەرجعی) بڕیاردانە لەسەر کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان.... سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی پارلەمان لە ئەرتیکلی 93 خاڵی یەکەمدا نووسراوە کە پارلەمان مافی بڕیاردان لەسەر کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان–عێراق دا هەیە.**

لە بەرایدا بابزانین کێشە چارەنوسسازەکان چین و لە سیستەمی دیموکراسیدا چۆن سەیریان دەکرێت و یەکلادەکرێنەوە.
کێشەچارەنووسسازەکان ئەو کێشە و پرسیارانە دەگرێتەوە کە بە چارەنوس و سەروەری وڵات و گەلەوە پەیوەستدارن، دەستکاری ئەو پرسیارانە کاریگەری لەسەر زیاترکردن یا کەمترکردنی ئازادی هەموو گەل هەیە، کاریگەری لەسەر باشترکردن یا خراپتر کردنی بارێک یا پرسێک هەیە، بەجۆرێ کە پەیوەندی بە ئێستا و داهاتووی گشتەوە واتە چارەنوسی گەلەوە هەیە، یا بابەتەکە کاریگەری لەسەر چەمکێک یا دیاردەیەک هەیە کە بە گشتەوە پەیوەستدارە و بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە واتایەکی گرنگی ناسنامەئامێزی هەیە. نمونەی پرسیاری چارەنوسساز وەکو بڕیار لەسەر دوارۆژی قەوارەی ڕامیاریی وڵات، وەکو تێکەڵبوون لەگەڵ وڵاتێکی دیکە لە وڵاتێکی یەکگرتوودا، یا بڕیار لەسەر دروستکردنی سیستەمێکی کۆنفیدرالی لەگەڵ ستاتێکی دیکەدا. یا بڕیار لەسەر ئاراستەی ڕامیاریی گەل لە داهاتوودا. یا وازهێنان لە بەشێک لە سەروەری ستات لەسەر دەسەلاتێکی ناوخۆیی، بۆنمونە پەسندکردنی ڕێکەوتنێکی میلیتاری کە وادەکات هێزێکی دەرەکی ببێتە خاوەنی هەندێ بڕیار سەبارەت بە دەسەڵاتی بەرگری ئەو وڵاتە. یا پەسندکردنی بڕیارەکانی دادگایەکی نێوستاتی یا نێونەتەوەیی لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی نێوستاتی یا نێونەتەوەییدا وەکو بڕیار و کانونی باڵا لە وڵاتدا. گۆڕینی دەستور هەروەکو بە گشتەوە بەندە، هەروەها هەڵبژاردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و کانوندانان لە کاتی هەڵبژاردنی گشتیدا ئەوانەش دەچنەخانەی بڕیاری چارەنوسساز هتد.
لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراسیدا دەستوری وڵات کە پەیوەندی بە کانونی بنچینەیی وڵاتەوە هەیە و هی ئەوە نییە دەسەڵاتی کانوندانان بێ گەڕانەوە بۆ گەل هەمواری بکات، دەستکاری بکات یا بیگۆڕێت، بۆیە ئاسایی لە باری دەستکاریدا دەبێ بخرێتە بەردەم بڕیاری گەل و لە گشتپرسیەکدا یەکلابکرێتەوە، کە ئەوە کرا و گۆڕینەکە یا هەموارکردنەکە پەسندکرا، دەبێ پارلەمان هەڵوەشێتەوە، سەرلەنوێ هەڵبژاردن لەسەربنچینەی دەستورە نوێکەدا بکرێتەوە و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەنوێ هەلبژێردرێتەوە. ئەو پرۆسەیە وایکردووە کەوا نەتواندرێ بەئاسانی دەستکاری دەستور بکرێت، بۆیە لە ولاتە دیموکراسیەکاندا دەستور زۆر درەنگ ئەگەری هەموارکردنی هەیە.

سیستەمە دیموکراسیەکانی جیهان، بە شێوەی جیاواز لە پرسە چارەنوسسازەکان دەڕوانن، هەیانە وەرگرتنی هەڵوێستی گەل زۆر بەگرنگ وەردەگرێت، بەشێوەیەک تەنها بڕیاری گەل لە بڕیاردان لەسەر بابەتە چارەنوسسازەکان بە ڕەوا دەناسێت. هەیانە زیاتر دەڕوا و ڕۆڵی گەل لە یەکلاکردنەوەی بڕیارە کانونیەکاندا بەگشتی زۆر بەگرنگ دەناسێت، بەجۆرێک کانوندانانی ئاسایی پارلەمان دەخاتە بەر پرسی گەل و خەڵک بڕیاری بوونی یا نەبوونی کانونێک دەدەن، بۆنمونە وەکو وڵاتی سویسرا. لەو جۆرە سیستەمەدا سنورێک لە نێوان بڕیاری چارەنوسساز و ئاسایی ناو پارلەمان لە بواری پەسندکردندا نەهێلدراوە. هەندێ لە وڵاتە دیموکراسیەکان ئەو دەسەڵاتەی گەل لە بڕیاردان لەسەر بڕیارە چارەنووسسازەکان سنوردار دەکەن و دەسەڵاتی یەکلاکردنەوە دەدەنە پارلەمان. ئەوەش هۆکەی بەشێکی دیاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەسەر پێناسەی بڕیاری چارەنوسساز، پێناسەی جودا هەیە و هەموو وڵاتەکان وەکو یەک هەموو بابەتێک ناخەنەژێر ئەو چەمکەوە. بۆنمونە پارەگۆڕین لە یەکێتی ئەوروپادا و گۆڕینی پارەی ناسیونال بە یورۆ، لەهەندێ وڵاتدا پێویستی بە ڕیفەراندەم هەبوو و دەبوایە گەل پەسندی بکات، لەهەندێ وڵاتی دیکەدا پارلەمان ئەو مافەی هەبوو (دیارە ئەو مافەش لەژێر مەرجی کانونیدایە) گەل پرسی پێنەکرا. دیارە لەزۆربەی بارەکاندا پارلەمان هەڵوێستی خۆی لەسەر پرسیارەکەدا دیاردەکات، بەڵام بڕیاری گەل یەکلاکەرەوە دەبێت، ئەگەر ڕیفەراندەم کرا. بەکورتی ئەو بابەتە لە ناوەڕۆکدا پەیوەندی بە جۆری سیستەمی دیموکراسی و ئاستی بوونی دەسەڵاتی گەل لەو وڵاتانەدا هەیە، هەروەها پەیوەندی بە لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئەو وڵاتانە بۆ چەمکی دیموکراسی و واتاکانی هەیە. ئەوانەی لەگەڵ بوونی ڕاکشاوی دەسەڵاتی گەلدان، ئەوانە لەگەڵ ئەوەدان بچوکترین بابەت کە پەیوەندی بە سەروەری بەجۆرێ لەجۆرەکان هەیە یا پرسەکە بۆگەل واتای گەورەی هەیە، دەبێ بخرێتە ژێر بڕیاری گەل. ئەوانەی دەیانەوێ دەسەڵاتی گەل سنوردار بکەن و پارلەمان ئەو ڕۆڵە بگرێتە ئەستۆ ئەوە لەگەڵ ئەوەدا نین هەموو

پرسێکی چارەنوسساز بەتایبەتی ئەوانەی کەمتر چارەنوسسازن بخرێتەبەر هەڵوێستی گەل. ئەوە مشتومڕێکە لە نێوان سیستەمی دیموکراسی نوێنەریی و سیستەمی دیموکراسی ڕاستەوخۆیی بە بەردەوامی هەیە. بوونی ریفەراندەم لەسەر پرسە گرنگە سەروەریەکاندا یا پرسە هەستیارەکاندا وەکو ڕێکەوتنێکی نێوان ئەو دوو جۆرە سیستەمەیە، چونکە بوونی سیستەمی دیموکراسی ڕاستەوخۆیی (کە بێگومان ئاستی بوونی دیموکراسی و دەسەڵاتی گەلی تێدا زۆر بەرزترە لە سیستەمی دیموکراسی نوێنەریی) زۆر سەختە و لەهەموو وڵاتێکدا ئاسان نییە و لە کۆمەڵگە بچوکەکاندا ئەگەری بەدیهێنانی گونجاوترە. بوونی سیستەمی دیموکراسی نوێنەریی کە دیموکراسی ناڕەستەوخۆییە، جۆرە چارەسەرێکی پراکتیکیانەیە کە دەکرێ ڕیالیزە بکرێت. بەڵام کە دەبینین لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتە دیموکراسیەکاندا پرسیارە چارەنوسسازە گرنگەکان دەخرێنە بەر هەڵوێستی گەل، هۆکەی ئەوەیە تەنها گەل لەمەڕ ئەو پرسیارانەدا بە دەسەڵاتی یەکلاکەرەوە دادەندرێت. چونکە لێرەدا پارلەمان وەکو نوێنەری گەل بەرامبەر بەو پرسانە بە ناتەواو دادەندرێت و وانابیندرێت بڕیاری پارلەمان دەتوانێ ڕەنگ لە ویستی تەواوی مرۆڤەکانی وڵات بداتەوە. هۆکارەکانی ئەو هەڵوێستە لەوانە:

یەکەم: نوێنەرانی پارلەمان و دەزگای پارلەمان وەکو دەزگای بەڕێوەبردن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون، لەو ماوە دیاریکراوەدا کە دەکرێ 3–5 ساڵ بێت، بە ئەرکی کانونداتان و بەڕێوەبردنی ستات هەڵدەستن، ئەوەش بەپێی پرۆگرامی بنچینەیی ستات و بەرنامەی هەڵبژێردراوان بۆ پاراستن و باشترکردنی گوزران و ژیانی هاوڵاتیان وەکو بەڵێنیان بە خەڵک داوە. کەسە هەڵبژێردراوەکان بۆ ئەو ماوە دیاریکراوە نوێنەری گەلن و کارەکەیان کورتماوەیە، دوای ئەوان خەڵکی دیکە دێن و ئەرکەکانی کانونداتان و بەڕێوەبردن دەگرنە ئەستۆ. ئەوە مافی ئەوەیان ناداتێ کە بتوانن بڕیار لەسەر پرسی درێژخایەنی چارەنووسسازی وا بدەن کە سنوری ماوەی دەسەڵاتی ئەوان زۆر بەدیاری تێدەپەڕێنێت. بۆیە گونجاو نییە ئەوانە لەسەر پرسی چارەنوسساز کە بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەوە پەیوەستدارە و کاریگەریەکی درێژماوەی لەسەر ناسنامە و چارەنوسی گەلەوە هەیە، بڕیار بدەن.
دووەم: ئەندامانی پارلەمان لەسەر بەرنامەیەکی دیاریکراو و سنوردار دەنگیان پێدراوە، دەکرێ ئەو پرسە چارەنوسسازەی دێتە پێشەوە هیچ پەیوەندی بە بەڵێن و بەرنامەکانی ئەو کەسانەوە نەبێ کە ئەوان دەنگیان پێ وەرگرتووە. ئەوان وەکو نوێنەر ناتوانن بڕیار لەسەر بابەتێک بدەن کە بە چارەنوسی یەکەیەکەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەوە بەندە و پەیوەندی بە بابەتێکی چارەنوسسازی دەرەوەی بەرنامەی ئەوانەوە هەیە، بۆیە هەر مرۆڤێک تەنها خۆی دەتوانێ هەڵوێستی خۆی لەمبارەیەوە دیاربکات.
سێیەم: ئەندامانی پارلەمان هەڵبژێردراوی گەلن، بەڵام دەکرێ بەشێک یا زۆربەی ئەندامانی پارلەمان هەرزوو ئەو نوێنەرایەتیەیان پشتگیری پێویستی بۆ نەمێنێت و گەل نەفرەتیان لێبکات. لەو بارەدا بوونی نوێنەرایەتی ئەوان تەنها شێوەیەکی ڕووالەتییە و خاوەنی ئەو متمانەیە نین کە دەنگەدەرانیان پێیان داون.
چوارەم: ئەندامانی پارلەمان پشتگیریان لەلایەن ئەو کەسانەوە وەرگرتووە کە بەشداری دەنگدانیان کردووە، بۆیە ئەوان پشتگیری ئەوانەیان نییە کە بەشداری دەنگدانیان نەکردووە. دەکرێ ژمارەیەکی زۆری دەنگدەران لەبەر هەر هۆیەک بێت بەشداری دەنگدان نەکەن، ئەوە واتای بوونی پشتگیریەکی لاوازی ئەوانەیە کە هەڵبژێردراون. ئەگەر ئەندامانی پارلەمان بڕیار لەسەر پرسێکی چارەنووسساز کە بەگشتەوە بەندە بدەن، لەو بارەدا بڕیار لەسەر چارەنووسی خەڵکێک دەدەن، کە ئەوان لە بنچینەدا نوێنەریان نین.
بەکورتی ئەگەر پرسێک پەیوەندی بە چارەنوسی هەموو گەل هەبێت، لەبەر ئەو هۆیانەی گوتران و هیتریش، پارلەمان ناتوانێ واتای گەل بە خۆی ببەخشێ و لەجیاتی هەمووان بڕیار بدات، چونکە پارلەمان واتای بوونی هەموو گەل لەهۆڵی پارلەماندا نییە و ناتوانێ ڕاستەوخۆ رەنگ لە ویستی هەموو گەل بداتەوە.
لە لایەکی تر کە پرسە چارەنوسسازەکان بۆ گەل جێدەهێڵدرێت، هەوڵ دەدرێت بوونی دەسەڵاتی گەل کە سیستەمی دیموکراسی بانگاشەی بۆدەکات، پیادەبکرێت و بسەلمێندرێت. ئەگەر لە پرس و بڕیارە ئاساییەکان پرس بە گەل نەکرێت و نوێنەران مشوریان بخۆن، ئەوە بۆ پرسە چارەنوسسازەکان ناکرێ هەمان پێوەر بەکار بهێندرێت و گەل فەرامۆش بکرێت. چونکە دەسەڵاتی گەل یا بەڕێوەبردنی گەل لەبنچینەدا دژی سیستەمی تاکڕەوی و پادشایەتی هاتۆتەکایەوە، بەجۆرێک کە کەسێک یا چەند کەسێک یا گروپێک لە پرسەکانی بەڕێوەبردن و کانونداناندا یا ئەو پرسانەی دیکە کە پەیوەندیان بە سەروەری ستاتەوە هەیە، دەسەڵاتی رەهایان نەبێت. لە سیستەمی دیموکراسی نوێنەرییدا هەرگیز پارلەمان و بەڕێوەبردن لە گەل بەرزتر نین و گەل هەموو کات دەتوانێ دەسەڵات بگۆڕێت ئەگەر بزانێ لە ئاستی ئەرکەکەی خۆیدا نییە، ئەوە جگەلەوەی پرسی چارەنوسساز لەزۆربەی بارەکاندا دەخرێتەبەر بڕیاری گەل. کە پرسەکە چارەنوسسازە بۆ گشت، هەموو کەسێک وەکو تاک خۆی بڕیارەکە دەدات و خۆی لە ئەنجامەکاندا بەرپرسیارە. ئەگەر پارلەمان بێت و ئەو مافە لە گەل بستێنێ، خۆی بڕیار لەسەر پرسە چارەنوسازەکاندا بدات و چۆنی بوویێت وا بڕیار بدات، ئەوە دەچێتە خانەی دەسەڵاتێ کەمێ خەڵک کە وەکو سیستەمی ئۆلیگارشی دەناسرێت، کە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی گەلە و ناچارکردنی گەلە بە ئارستەی نەخوازراودا، لەبەرڕۆشنایی بەرژەوەندی هەندێ کەسدا. لەو بارەدا ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستە ئەوە دەکەن کە خۆیان ئارەزووی دەکەن و گوێ نادەنە ئەوەی گەل دەیخوازێ. ئەنجامی ئەوەش یا وەرگێرانی ئاشتیانەی دەسەڵاتی کانونداتان و بەڕێوەبردنە یا یاخیبوون و پێکدادانی ناوخۆییە. چونکە لەو بارەدا دەسەڵات پێشێلی ئەو کۆنراکتە کۆمەڵایەتیە (نوسراو

و نەنوسراوە) دەكات كە مرۆڤەكانی كۆمەڵگە لەسەری ڕێككەوتوون یا پێیەوە بەندن، بەمجۆرە پێشێلی بوونی دەسەڵاتی گەل دەكات.
ئەگەر لە وڵاتێكدا پارلەمان كانونیانە لە پرسە چارەنوسسازەكاندا سەرپشككرا، ئەوا هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە، گەل لە یەكلاكردنەوەی بڕیارەكاندا كاردانەوەی پێچەوانەی هەبێت، لە كاتێكدا ببینێت پارلەمان جیا لە داخوازییە بنچینەییەكانی گەل بڕیاری داوە، ئەوەش ئەگەری بوونی هەیە.
دیارە لە وڵاتانی نادیموكراسی و جیهانی سێیەمدا پارلەمان بێدەسەڵات و لاوازە و لەژێر فەرمانی خێزان یا پارتی دەسەڵاتدار و دەسەڵاتی بەرێوەبردن دایە. بۆیە لەو بارەدا ڕۆڵ و ئاستی دەسەڵاتی گەل گرنگی و قورساییەكی ئەوتۆی نییە، بەمشێوەیە دەسەڵاتدار چۆنی لەبەرژەوەند دایە وادەكات.

بەپێی ئەو كانونەی لە ڕەشنووسی دەستوری كوردستاندا هەیە، پارلەمانی كوردستان مافی بڕیاردانی لە بابەتە چارەنوسسازەكاندا هەیە، ئەوەش هەر لە گۆڕینی دەستورەوە بگرە تا چارەنوسی ڕامیاریی خەڵكی كوردستان دەگرێتەوە. بەو واتایە پارلەمانی كوردستان دەتوانێ بڕیاری سەربەخۆیی گەل بدات، دەتوانێ بڕیاری ئەوە بدات، گەلی كورد بخاتە پاڵ ئێراق، توركیا، ئێران یا سوریا، دەتوانێ هەندێ لە سەروەری كوردستان سەبارەت بە دەسەڵاتێك بداتە دەسەڵاتێكی نێوستاتی یا نێونەتەوەیی، دەتوانێ چەمكی گرنگ و ناسنامەئامێز بگۆڕێت و دەستكاری بكات، دەتوانێ كانونی نەشاز بخاتە ناو دەستور و بەسەر گەلدا بیسەپێنێت هتد. سەبارەت بە دەستور ئەرتیكلی 93، بڕگەی دووەم دەسەڵاتی هەمواركردن و دەسكاریی دەداتە پارلەمانی كوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ گشتپرسی.
بەكورتی بەپێی ئەو دەستورە چارەنوسی خەڵك دراوەتە دەست ئەندامانی پارلەمان. ئەگەر ئەو كانونەی نووسراوە پەسند بكرێت، ئەوا لە هەڵبژاردندا گەل دەسەڵاتی ڕەها دەداتە دەست پارلەمان و دەبێ چاوەڕێی بەزەیی و ویژدانی ئەوان بكات. ئەو پارلەمانەی خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها بێت و بۆ گەل نەگەڕێتەوە، بێگومان جۆرێك لە سیستەمی ئۆلیگارشی و دیكتاتۆریی كۆمەڵێكی بچوكی مرۆڤە دەسەڵاتدارەكان دەگرێتەخۆی، ئەوەش واتای داماڵینی مرۆڤەكانی كۆمەڵگەیە لە بڕیاردان.

ئەگەربێتو پارلەمان خاوەنی دەسەڵاتی یەكلاكردنەوەی بابەتە چارەنوسسازەكان بێت، لەو بارەدا ئەندامانی پارلەمان زۆر بەتوانا و لێهاتوو بن، پارلەمان دەسەڵاتی گونجاوی هەبێت، دەكرێ ئەو ئەندامانە تاڕادەیەكی گونجاو لە ئاستی نوێنەرایەتیەكەیاندا بن و كارێ نەكەن ببێتە پێشێلی سەروەری گەل یا كارێ نەكەن كە لەگەڵ بەرژەوەندی گەل ناتەبا بێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە پێشبینیەكی ڕیالیستانە نییە، چونكە پارلەمانتاران هەرچەندی بەتوانا و لێهاتوو بن، پارلەمان هەرچەندی گونجاو بێت، ناتوانن زۆرینەی ئەو ڕەخنانەی كە گوتران بەتاڵكەنەوە، هەروەها پێدانی دەسەڵاتی ڕەها لە بابەتە چارەنوسسازەكاندا مەترسی چارەنوسسازی تێدا هەیە، بۆیە هیچ گەلێكی هۆشیار نایەوێ خۆی تووشی ئەو مەترسیە بكات.

خۆ ئەگەر پارلەمان لاواز بێ و دەستكەلای پارتی دەسەڵاتدار و سەرۆك بێت، ئەوە چارەنوسی گەل لە ژێر ویژدان و بەزەیی سەرۆكی پارتی دەسەڵاتدار و پارتی دەسەڵاتدار دایە و پارلەمان ئەوە دەكات كە سەرۆك و پارتی دەسەڵاتدار گەرەكیەتی. لەو بارەدا گەل لەبەردەم مەترسی ئالوگۆڕ بە چارەنوسی هەیە، هەروەها دەبێ چاوەڕوانی بڕیار و كانونی نەشاز و تاكڕەوانە بكات. ئەوەش واتای بوونی سیستەمێكی نادیموكراسی، تاكڕەوی و دیكتاتۆرییە كە بڕیارەكانی لە ڕێگای پارلەمانەوە بەكانون دەكات و بەمجۆرە لەژێر ناوی گەلەوە دەیان سەپێنێ. نمونەی ئەو بارە لە وڵاتە نادیموكراسی و دیكتاتۆرەكاندا بەڕوونی دەكەونەبەرچاو، لەو وڵاتانەدا پارلەمان دەزگای مۆری دەسەڵاتە و دەسەڵات پارلەمان بۆ بەرژەوەندیەكانی خۆی بەكار دەهێنێت.

ئەگەر سەیری ئەو بارەی ئەمڕۆی كوردستان بكەین و سەیری دەسەڵاتی پارلەمان لە ماوەی بوونیدا بكەین، بەكردەوە دەركەوتووە، پارلەمان لاوازە، لە زۆر بوار و ئەگەری گرنگدا تەریككراوە و بڕیاری نییە. لە ئاست پارتی دەسەڵاتدار و سەرۆكەكاندا بێدەسەڵاتە و لە ژێر فەرمانی ئەواندایە. پارلەمان لە لایەن دوو زلهێزەكەوە دەستی بەسەردا گیراوە و ئەندامانەكانیان ئەوە دەكەن كە لەبەرژەوەندی سەرۆك و پارتەكەیاندایە. ئەو ئەندامانە بە هیچ پرۆگرام و بەرنامەیەكی دیاریكراو بە دەنگدەرانیانەوە وابەستە نین و مەترسی لێپرسینەوەیان لەلایەن دەنگدەرانیانەوە نییە، بەمجۆرە كۆنتراكتێك لە نێوان دەنگدەر و نوێنەر بوونی نییە. جگەلەوەی پارلەمانتارەكان هەیانە ئاستی هوشیاریان نزمە، شارەزاییان لە گەلێ بوار و لایەندا لاوازە یا نییە، سەبارەت بە ماف و ئەركەكانی خۆیان زانیاری گونجاویان نییە، بەدوای خۆدەوڵەمەندكردن و بەرژەوەندی تایبەت كەوتوون هتد.
پارلەمان ناوێرێ دەستكاری بڕیاری سەرۆكەكان بكات یان دەستكاری پرسی وابەستەی بەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتدار بكات، یا پێشگریی لە هەنگاوێكی پارتی دەسەڵاتداردا بكات. بۆنمونە پارتی دەسەڵاتدار كەخۆی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنە، بێ گەڕانەوە بۆ پارلەمان كۆنتراكتی نەوت دەبەستێت، پارلەمان ناتوانێ پێشگریی لەو هەنگاوانە بكات، ئەگەرچی پەیوەندی بە سامانی نەتەوە

هەیە. سیستەمی سەرۆکایەتی کە دەرهاویشتەی ڕێکەوتنی نێوان ی.ن.ک و پ.د.ک بوو، پارلەمان هیچ گوتنی لەسەر نەبوو. جگەلەوەی کە دەبوایە لەلایەن خەڵکەوە لە گشتپرسیەکدا پەسند بکرێت.
پارلەمانی کوردستان کە زۆر لاوازە و دەستکەلای پارتی دەسەڵاتدارە، بڕیاری مانەوە لە ئێراقی بەسەر گەلدا سەپاند. پارلەمان خۆی لە جیاتی گەل و لەژێر ناوی نوێنەرانی گەل بڕیارێکی چارەنوسسازی یەکلاکردەوە. لێرەدا پارلەمانی کوردستان وەکو دەزگایەکی سەربە جۆرە سیستەمێکی ئۆلیگارشی یا پادشایەتی چەندکەسی بڕیارەکەی بەسەر گەلی کوردستاندا سەپاند. دیارە بڕیارەکە لەبنچینەدا بڕیاری دوو سەرۆک بوون و لەڕێگای پارلەمانەوە بەسەر گەلدا سەپێندران و ناوی "بڕیاری گەل" ی لێندرا. ئەو بڕیارە ناتەبابوو لەگەڵ هەڵوێستی گەل کە لە ئەنجامی ڕیفەراندەمێکدا لەمەڕ پرسی سەربەخۆیی دەرکەوت. کاردانەوەی گەل بەرامبەر بەو بڕیارە خۆی لە نارەزایی و دروستبوونی بزوتنەوەی ڕیفەراندەم و ڕێکخراوی دیکە بە شێوەی جۆراوجۆر دۆزیەوە، کە دەکرا لەبارێکی دیکەدا زێتریش بڕوا و ئەنجامی دیکەی لێبکەوێتەوە. ئەوەش بەلگەیەکی زیندووە کەوا هەمیشە مەترسی کاردانەوەی خەڵکیی بەرامبەر بە بڕیارێکی (بەبۆچوونی خەڵک) ناگونجاوی پارلەمان لەسەر پرسی چارەنوسسازدا هەیە.

بەر لە دەرکەوتنی ڕەشنووسی دەستور، ئەگەر بەرژەوەندی سەرۆک و پارتی دەسەڵاتدار وای خواستبێت و بڕیارێکی خستبێتە بەردەم پارلەمان، ئەوا هەمیشە پارلەمان خۆی دەسەڵاتی ڕەهای هەبووە و بۆ گەل نەگەڕاوەتەوە وەکو لەو نمونەی سەرەوە دەرکەوت. بۆیە ئەوەی لە ڕەشنوسەکەدا نووسراوە، ئەوە بە کردەوە تائیستا پەیڕەوکراوە.
بەو هێزوتوانایەی ئەمڕۆ پارلەمانی کوردستان هەیەتی، لە ئەگەری پەسندکردنی ئەوەی لە ڕەشنووسەکەدا سەبارەت بە دەسەڵاتی پارلەمان نووسراوە، مەترسی ئاڵوگۆڕ بە چارەنوسی گەل هەیە، مەترسی دەرچوونی بڕیار و کانونی تاکڕەو و ناگونجاو هەیە، مەترسی ئەوە هەیە دەستور بەشێوەیەکی لێبکرێت کە دەسەڵاتداران و سەرۆکەکان گەرەکیانە. گەلی کوردستان لە مافی بڕیاردان لەسەر بابەتە چارەنوسسازەکان دادەماڵدرێت و هیچ کاریگەریەکی کانونی لەسەر ئەو جۆرە بڕیارانەدا نابێت. بەمجۆرە پەسندکردنی گەل بۆ ئەو دەستورە پەسندکردنی جۆرێک لە دیکتاتۆریی بەکۆمەڵی ڕوواڵەتییە بەسەر خۆیدا، کە لە بنچینەدا پەسندکردنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی چەندکەسییە بەسەر خۆیدا، چونکە جگەلەوەی پارلەمان دەستکەلای پارتی دەسەڵاتدارە، سەبارەت بە بڕیارە چارەنوسسازەکان دەزگای مۆری سەرۆکەکانە، هەروەکو لەمەوپێش وابووە.
بەکورتی سەبارەت بە بابەتە چارەنوسسازەکان و ئەو پرسانەی پەیوەندیان بە چارەنوسی گەلەوە هەیە یا ئەو پرسانەی بۆ گەل واتایەکی نەتەوایەتی و ناسنامەئامێزیان هەیە، پارلەمان دەزگای مۆرکردنی دەسەڵاتدار دەبێ، ئیتر دەسەڵاتدار خۆی و ویژدانی.